KURDISTAN NET کوردستان نێت
www.kurdistannet.org

# بوختانه‌كه‌ی فه‌رهاد شاكه‌لی دژی هونه‌رمه‌ند شه‌ماڵ سائیب



لەم ژمارەیەی دوایی گۆڤارەکەت دا، هەگبەیەکی پڕ لە جنێو و سەی سارد و سوکت دەرهەق بە شار و ئەهلی سلێمانی لەسەر یەکێ لە لاپەڕە ڕووزەردەکانی یەکالآ کردۆتەوە، گوایا ئەمە بابەتی شیعری "هەجو"ە و خاوەنەکەی شەماڵ سائیبی هونەرمەندی خوالێخۆشبووە و، هەردوو بەڕێزان د. جەمال ڕەشید و کوردستان موکریانی بۆیان ناردوون تا بڵاوی بکەنەوە.
ئەوەی پەیوەندی بە شەماڵ سائیب و ئەو دوو دکتۆرەوە هەیە، پێ ی دەچێ ئیدیعاکانت زۆر دوور بن لە واقیعەوە و ئەو کارە تەنها زادەی مێشکی نەخۆشی خۆت بێ. شەماڵ خۆی کوڕی سلێمانیە و ماقول نیە سوکایەتی بە دایک و خوشک و برا و خێزانی خۆیی و شارێکەوە بکا کە ئەو و دەیەها هونەرمەندی تری ناوداری وەکو ئەو بە کوردستان بەخشیوە.
هەرچی پەیوەندی بە خۆت و گۆڤارەکەتەوە هەیە لێمان عەیانە کە بەرپرسیاری هەوەڵ ئاخر لەم کەم ڕەوشتی یەی مامۆستای کورد تەنها سەرنووسەرەکەیەتی.
بنەماڵەی ئەو هونەرمەندەش هەمدیسان ماف لێ پێچینەوەی قانونیان هەیە کە بیکەن بەرانبەرت، چوونکە من تاکیدم لە خێزانەکەی کرد کەوا ئەو بابەتە هی شەماڵە یان نا، ئەوان زۆر بە توندی ئەوەیان ڕەت کردەوە و زۆر نیگەرانن بە ناوهێنانی ئەو هونەرمەندە لە بۆنە و جێگایەکی ئاوا نزمی وەکو "مۆمۆستای کورد"دا.
دەیەها ئەدیب و خاوەن قەڵەم ئێستا لە کوردستان نان نیە بیخۆن، لە جیاتی ئەوان فەرهاد شاکەلی بۆتە سەرنووسەر و مامۆستای هەموو کورد. نەک هەر ئەوە بەڵکو مامۆستاکانی کوردستانیش سەربری بێ موچەیی و سەختی ژیانیان ناویشیان لە سوید خراوەتە سەر بەرگی گۆڤارێکی بێ ڕەوشت!..

پارێزەر: خالد مەجید فەرەج
بەلژیک — هێرنت (لوێڤن)